## سیمپتۆم*

ڕەزا عەلی پوور



# شێتبوون لە هەوای جەنگدا

بەشێکی بەرچاوی ئەدەب ئاوڕی لە جەنگ داوەتەوە، بەڵام نووسینی ئەدەبی جەنگ، سانا نییە و لەگەڵ کۆمەڵێک مەترسیدا بەرەوڕووە، کە یەکێکیان: کەوتنە ناو لایەنگریی ئایدیۆلۆژیکەو دواجار سیاسەتبردەیی. دووەم: ڕۆمانتیزەکردنی ئەدەب لەژێر پاساوی پابەندبوون بە واقیعییەتی جەنگ، یان ئارەزووی ئاشتی. جەنگی ئێران و عێراق، لە ئێراندا ئەدەبیاتێکی بەدیهێنا کە لە مانا ڕەسمییەکەیدا بە ئەدەبی بەرگریی پیرۆز ناسرا، بەڵام لە پاڵ ئەو ئەدەبەدا کەسانێکی دیکە بە شێوەی جیاواز باسیان لە جەنگەکە کرد. یەکێک لەو ڕۆمانانەی کە بەدەر لە گوتاری ڕەسمیی ئەدەبی بەرگریی نووسراوە «دووپشک لە سەر پلیکانەکانی وێستگەی قیتاری ئەندیمەشک، یان ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان!»، نووسینی حوسێن مورتەزاییان ئابکەنارە، کە بەرۆژ ئاکرەیی کردوویەتی بە کوردیی.

ڕۆمانی دووپشک... بە ناوە درێژو شازەکەیەوە (کە دووپشک خوازەیەکی جێکەوتووی ڕۆمانەکەیە) لە پەراوێزی شەڕدایە، بۆیە دەوترێت پەراوێز، چونکە ڕۆماننووس بە پێچەوانەی ڕووکردی کلاسیک بۆ شەڕ، هیچکات ناچێتە ناو جەنگەی شەڕ و تەنانەت کۆی مۆتیڤی ڕۆمانەکە لە ڕووداوانێک دەدوێن کە پێوەندییان بە ماجەرای باو و ناسراوی جەنگ و مەرامی لایەنەکانەوە نییە، بەڵکو وەک تێم لەسەر کاریگەریی و وێرانییە شێتکەرەکانی شەڕە. ئەم حەرەکەتکردنە لە پەراوێزدا وا دەکات، نووسەر، نە بکەوێتە داوی گوتارێکی گەورەوە، کە بۆ جەنگەکان بەرهەمدێن، نە بە تەواوەتیی لە شەڕ داببڕێت و لەسەر ئەم دیاردەیە حوکمی ئەخلاقیی بدات.

کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە، مورتەزایە، کە لە دوو دۆخی جیادا ڕۆمانەکە لەگەڵیدا دەڕواتە پێش، یەکەم: فلاشباکانێک کە بۆ ناو شەڕ لێدەدرێت و دووەم: ڕەوایەتیی سەفەری گەڕانەوەی لە شەڕ. مورتەزا لە شەڕدا زەینی پەرێشان و ترۆماتیک بووە، لێرەوە نەخۆشانە بیرەوەریی هاوڕێی هاوسەنگەر و منداڵیی، واتە سیاوەش لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەمە وادەکات ناوبەناو دیالۆگێکی یەکلایەنە ببیستین لەنێوان مورتەزا و سیاوەشدا، کە بوونی فیزیکیی نییە، بەڵام بە سوسپانسێکەوە بەرەبەرە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت کە لەو سەفەرەدا مورتەزا بە تەنهایە و سیاوەش مردووە.

فۆرمی گێڕانەوە لە دووپشکدا فرگمنتاڵ، واتە پارچەپارچەیە. ئەم فۆرمە لانیکەم دوو تایبەتمەندیی هەیە، یەکەم: ڕێگە دەکاتەوە تا شێوازی گێڕانەوەی جیاواز بۆ دۆخی جیاواز بەکاربهێنرێت، دووەم: فۆرمێکی باشە بۆ دەرخستنی زەینییەتی ترۆماتیک. کەواتە تەجرەبەکردنێکی فۆرمێکمان هەیە کە لە شەپۆلی زەینەوە تا وەبیرهێنانەوەی ئازاد و گێڕانەوە و فەزای سوریالیی مەیلەو ڕیالیزمی جادوویی و هاوکات گێڕەرەوەی یەکەم و دووەم و سێیەم-کەسی تاکی تێدا دەبینین. ڕەنگە لێرەدا ئەم پرسیارە بێتە پێش، ئایا نووسەر چەندە توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە جێخستنی هەموو ئەو فۆرمانە لە ڕۆمانێکی کەم قەبارەدا؟ بە شێوەی تیۆریک ئەمە وەک گرفتێک دەبینرێت، بەڵام لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێت چێژی ئەدەبیی ڕۆمانەکە لەو تەجرەبە فۆرمیکانەدایە کە نووسەر کردوویەتی، گەرچی هەندێجار هەست دەکرێت نووسەر لە دانی ئینفۆرماسیۆندا پەلە دەکات، چونکە لە فلاشباکەکاندا زانیاریی زۆر بە خوێنەر دەدرێت. زەروورەتی ئەو بەشانەش لەوەدایە، بە ستێنێکی ڕیاڵ بۆ ڕۆمانەکەو زەینییەتی تێکەڵ و شێواویی مورتەزا فەراهەم دەکات.

لایەنێکی گرنگی دیکە، شێوە زمانی گێڕانەوەیە، کە زمانێکی سارد و هەندێجار ڕاپۆرتئاسا و داماڵراو لە ڕۆمانسییەت و زیادەڕۆیی زاڵە، سەرەڕای ئەوەی بەزۆریی زێهنییەتی مورتەزامان بۆ دەردەخرێت، بەڵام زمانی گێڕانەوە بە تەواویی ئۆبژەکتیڤە، بۆیە فەزاسازیی و میزانسێن بەرجەستە دەبێتەوەو زۆربەی فەزاکان ئیماژیی و سیناریۆئاسان. لە زمانی گێڕانەوەدا، تۆنی شاعیرانە و هاودڵیی نابینین و ڕیتم وشک و سارد دەڕواتە پێش، ئەم زمانەش لەگەڵ فەزای ڕۆمانەکەدا یەکدەگرێتەوە. لە دووپشکدا سنوورێک لەنێوان واقعییەت و وەهمدا، کابووس و حەقیقەتدا، نییەو هاوکات تێکچڕژانی هەموویان دەبینرێت، لەم دەقەدا کەسایەتیی گرنگ نییە، پێوەندیی نێوان کەسایەتییەکان و ئەو بەلایانەی کە شەڕ تووشی کردوون، گرنگترە، بەمەش پێماندەڵێت جەنگ تاکییەتی دەکوژێت و هەمووان دەکات بە بەرە و لایەن. بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆمان و فیلمە جەنگییەکان، شەڕ، مورتەزا تووشی هیچ خودئاگاییەک ناکات، بەڵکو وەها لە خۆی نامۆشی دەکاتەوە، کە لە دوایین دێڕدا لە زمانی سیاوەشەوە دەڵێت: شەهیدکراوم.

لە کۆتاییدا، سەبارەت بە وەرگێڕانە کوردییەکەی، دەبێت بڵێم، ئەم ڕۆمانە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا کراوە بە کوردیی و هەوڵدراوە زۆربەی لایەنە هەستیارەکانی ڕۆمان وەک تۆن و ڕیتم و بپارێزرێت و لە زمانی کوردیدا ئاڵتەرناتیڤی بەجێی بۆ بدۆزرێتەوە.

***سێمپتۆم: زاراوایەکی ژاک لاکان-ە کە هاتۆتە ناو ڕەخنەی فیلم و تیۆری ئەدەبییەوە، بە مانا سادەکەی واتە نیشانەی دەرد ئازارو...**

**ئەم گۆشەیە مانگی جارێک ڕەزا عەلی پوور دەینووسێت.**

# ...شتنی ئاسایی خەڵکەوە ڕاوەستاون



...کە لە جەستەی، گۆشەیەکە لە ڕۆحی، پێویستە

...اعیر لە خۆشەویستی ئافرەتێکەوە سەرجەم

ئەگەر خولقاش، بەبێ بەرامبەر، ئایا هەستی پێدەکرێت و دەژێت و دەمێنێتەوە؟ ئەگەر مرۆڤ نەژێت هونەر بە شێوەیەکی گشتیی و شیعر بە شێوەیەکی تایبەت ناژێت، بۆیە من دەڵێم، هونەر تەنیا بە مرۆڤ و گوزارشتی ڕاستگۆیانەی خۆی ئیلتیزامی هەیە.

***ئایا ئەمە بۆ خۆی ئیلتیزام نییە؟**

باسمکرد لە چوڵاییدا ناخولقێت، هونەر بۆ مرۆڤە و پێویستە لە خزمەتی مرۆڤیشدا بێت.

***کەواتە تۆش بە جۆرێک وەک (سپینۆزا) لەسەر شیعر بیر دەکەیتەوە، ئایا شیعر**

**شیعریش پێناسە نەکراوێکی هەستپێکراوە، شیعر گۆمێکە و تێیدەکەوم. تەمێکە و دامدەگرێت**

**بە پێوەری ڕەوشت هەڵدەسەنگێنیت؟**

نا، بۆ ئەخلاق چییە؟ ئەو بنەما بنەڕەتییانەیە کە لە ناو ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بە ڕەشپێست و سوورپێست و کافر و جوولەکە و موسڵمان و مارکسی و بێ ئایینیشەوە، باشە من پرسیار لە تۆ دەکەم، کامە شاعیر و کامە شیعر لە درێژایی مێژوودا، هانی ئەوەی داوە کە مرۆڤ بکات بە ئاژەڵ؟ پێی بڵێت درۆ بکە، لە ڕاستیی لابدە؟ڕاستیی لە لای هەر مرۆڤێکەوە باوەڕپێکراو و جێگەی ڕێزە، شیعریش بەو ڕاستییانەوە پابەندە و هیچی تر.

*** کەواتە شاعیر لەگەڵ شیعردا دەژیەت، نەک شیعر لەگەڵ شاعیردا؟**

من پێمـوایە لای شاعیری ڕاستگۆ، تۆ ناتوانێت شیعر و شاعیر وەک دوو شتی جیاواز سەیربکەیت، پێموایە شاعیربوون لای شاعیری ڕاستگۆ، دەبێت وەک هاتوچۆی ئەو خوێنە بێت لە ناو دەمارەکاندا، لەگەڵ هەناسە و ترپەی دڵتدابێت و بچێت و لێبدات. نابێت لەکاتێکدا کە شیعر دەنووسم، تەنیا لەو کاتەدا شاعیربم و تەواو، دەبێت هەموو گیانم لەگەڵیدا بێت. (فروغی فەروخزاد) دەڵێت: "هەندێ کەس هەن تەنیا لە کاتی شیعرنووسیندا شاعیرن، ئەوانە درۆ دەکەن بۆ دەورییەک پڵاو دەناڵێنن". شیعر وێنەیەکی خودی شاعیرە، جا چۆن ئەو شیعرە ئەو وێنە بەرجەستە دەکات، ئەوە دەکەوێتە سەر شیعرەکە و ڕاستگۆیی شاعیرانە.

***باشە کەواتە بۆ کاتێکی کورت، تۆ حەمە عومەر عوسمانی شاعیر مەبە، ئەم غوربەتە و ژەنەڕاڵی پاییزییە هی تۆ نین، تۆ خوێنەرێکی تێگەیشتووی شیعر بە، ئەو وێنەیە کە تۆ باسی دەکەیت، چۆن بەرجەستە دەبێت لەناو مێشکی تۆدا؟**

ئەو وێنەیە دەبێت وەک نوێژێک بێت، نەک وەکو نوێژێکی تەقلیدیی، وەک نوێژێک بتباتە ناو خۆیەوە. من ئەگەر خوێنەری شیعرێک بم، هی هەر شاعیرێک بێت، جیاوازیی نییە. دەمەوێت لە نووکی پێمەوە هەتا تەپڵی سەرم لەگەڵ خۆیدا ببات، مووچڕکە بە گیانمدا بهێنێت، بمکات بە بەشێک لە خۆی. حەمە عومەر عوسمانیش ئەگەر من وەک خوێنەرێک بیخوێنمەوە، پێویستە لە سەرەتادا لەگەڵ خۆی و شیعر و منی خوێنەردا ڕاستگۆ بێت، گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە لەسەر لە دایکبوونی بوونەوەرێکی نوێ لە جەستەی شیعردا بکات. دەستی من بگرێت و بمباتە ناو خۆیەوە، من بکات بە بەشێک لە ئەندامی ئەو بوونەوەرە تازەیە.

***ئایا ئەم بۆ چوونەی تۆ تێکەڵاوی جۆرێک لە عیرفان نەبووە، با بە ڕاشکاویی پرسیار بکەم، دەزانیت کە شیعری کلاسیکی کوردیی بە هەوێن و بیرۆکەیەکی عیرفانی و سۆفییانەوە سەر هەڵدەدات، ئێستاش عیرفان لە هەردوو شێوازە کلاسیک و سەردەمییانەکەی خۆیدا باوە و لایەنگران و دژایەتیکەرانی تایبەت بە خۆی هەیە، تۆ تێکەڵبوونی ئەندێشە و بۆچوونی عیرفانی لە شیعردا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ئەگەر بە تێگەیشتنێکی دروستەوە سەیری عیرفان بکەیت، مەرج نییە عارفی تێگەیشتوو، سۆفییەکی گۆشەگیری پرچ درێژی لە خەڵک دابڕاوی دەست لە ژیان کێشاوە بێت و گۆشەیەک بگرێت لە خانەکەیدا، بۆ نموونە من (گیڤارا) بە عارف دەزانم، بە سۆفییەکی گەورەی دەزانم، چونکە ئەو کەسایەتییە بە عەشقێکی گەورەوە خەباتی کردووە، خەڵکی خۆی و هەموو جیهانیشی خۆشویستووە و بۆ ڕزگاری مرۆڤ، بەشبەحاڵی خۆی و تێگەشتنی خۆی و بیر و ڕای خۆی، خەباتی کردووە و خۆبەخشی کردووە، ئەمە بە لای منەوە عیرفانە. تۆ بۆ هەر شتێک بسووتێیت، پارچە بەردێک یان ئاسنێکیش بێت، خۆی لە خۆیدا عیرفانە. جا خودا بێت، ئینسان بێت، شۆڕش بێت، خەڵک و نیشتمان بێت، ئەو سووتانە بۆ هەر شتێک بێت کە ئینسان لە ناخەوە بۆی بسووتێت، عیرفانە.

*** لەناو شاعیرە سۆفی و عاریفەکانی سەردەمی کلاسیک و سەردەمی عیرفانی نوێ، جۆرێک لە شێتیی، جۆرێک لە یاخیبوون بەرچاو دەکەوێت، ئەو هاوبەشییە لە یاخیبووندا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

بە دڵنیاییەوە ئەو یاخیبوونە هەیە، لەبەر ئەوەی کە خەڵک لێی تێنەگەیشتووە و ڕەنگە لێی تێنەگات،ناوی شێتیی و جنوونی لێناوە، چونکە شاعیری عارف و عارفی شاعیر، لە سەرەوەی تێگە یشتنی ئاسایی خەڵکەوە ڕاوەستاو، ئەو چاوێکی دیکەی پێیە کە خەڵکی ئاسایی نییەتی و نهێنییە ئاشکراکان، یان ئاشکرا نهێنییەکانی پێدەبێت. ئەگەر هەموو کەس لە جنوون و شێتی و یاخیبوونی شاعیر تێ بگات، ئەو کاتە هەموو دنیا شاعیرە، ئەو کاتە هیچ بەهایەک بۆ شیعر بۆ جیهانبینی نەدەمایەوە، بە پێچەوانەی شەپۆلەوە مەلەکردن جنوونێکە کە شاعیر دەیگرێت و دەیکات و خەڵک بە شێتی دەزانێت. سەیر لەوەشدایە کە پاش ئەوەی بە پێچەوانەی ئاوەکەوە وەک شاعیر و تێگەیشتوو مەلەت کرد و نەخنکایت، ئەو کاتە، ئەو خەڵکە کە پێشتر ئەو مەلەکردنەی بە شێتی دەزانی، خۆی دەکات بە خاوەنی ئەو ئەزموونە و ئەو شیعرە دەکات بە ئەزموون و شیعری خۆی.

***ئایا پێویستە شاعیر لە دابونەریت، لە یاسا و ڕێساکان، لە پەیوەندییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی یاخی بێت؟**

ئەگەر دابونەریت مرۆڤی بێت، ئەگەر ڕێز لە تاکەکان بگرێت، پێویست بە یاخیبوون ناکات، شاعیر بۆ یاخی نەبوون یاخی دەبێت. یاخی دەبێت تا وەک ئاوێنە لەسەر چیاوە ئەو نامرۆڤایەتییانە و ئەو بێڕێزییانە کە لە مرۆڤ دەکرێت، وەک شاشەیەکی گەورەی سینەما، نیشانی خەڵک بدات. یاخیبوون بۆ هێورکردنەوەیە، دیارە لە کۆمەڵگەیەکدا کە مرۆڤ ڕێزی هەبێت و ئازاد بێت، شاعیریش یاخی نابێت، شیعر ویژدانی گشتیی کۆمەڵگەیە، کاتێک کە ئاسوودە بێت، شاعیریش یاخی نابێت.

*** خۆشەویستیی، لە شیعرەکانی حەمە عومەر عوسماندا خۆشەویستییەکی جیاوازە، بەتایبەتی بەرامبەر بە ئافرەت. تۆ خۆشەویستیی چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

خۆشەویستیی، خۆشویستنی بەرامبەرەکەتە، بە هەموو کیان و بوونەوە. خۆشویستنی ئەو کەسەیە کە هەیە و تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە، نەک خۆشویستنی ئەو کەسەی کە تۆ لە بەرامبەرەکەت دروستی دەکەیت. خۆشەویستی کەسێک، خۆشویستنی بەشێکە لە بوونی ئەو، بەشێکە لە جەستە، یان گۆشەیەک لە ڕۆحی ئەو کەسە، پێویستە بە هەموو گیانتەوە، هەموو گیانی ئەوت خۆشبووێت.

خۆشەویستی شاعیر، بۆ یەک کەسی دیاریکراو نییە، خۆشەویستی تاکێک نییە. خۆشەویستی شاعیرانە ئەوەیە، کە تۆ لە شیعری خۆتدا بە شێوەیەک هەست بە خۆشەویستی مرۆڤ بکەیت، کە ئازار و دەردەکانی ڕەنگبداتەوە، ئەو کاتە هەر ئازار پێگەشتوویەک، وەک خۆشەویستێک پەیامی تۆ وەردەگرێت و تۆ لەگەڵ دڵدارێکدا خۆشەویستیت کردووە، کە ناوی مرۆڤ بووە. شاعیر لە خۆشەویستی تاکەوە دەبێت بگاتە خۆشەویستی هەموو جیهان، لە خۆشەویستی ئافرەتێکەوە هەموو مرۆڤی خۆشبووێت.

بۆنموونە شیعرێکی (هەردی)م بیرکەوتەوە کە دەڵێت:

سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگا هەموو شێوەی ئەوەی تیایە

وەکو دنیا لە نێو شێوەی ئەوا توابێتەوە وایە

خۆشەویستی دەبێت وەک کارەبا وابێت، بتگرێت. ئەو کاتە ئەگەر بە جدیی شاعیر بێت، ڕەنگە تەقینەوەیەکی گەورەی شیعریی بە دواوە بێت.